

## شەیما جاف:

# ناوێرم خۆم لە هەموو کارێک بدەم

**لە دایکبووی ١٩٨٩ هەڵەبجەی شەهیدە، لە ساڵی ٢٠٠٦ـەوە دەستی بەکاری هونەری نواندن کردووە و لەچەندین فیلم بەشداری کردووە، هەروەها ڕاگەیاندنکاریشە و خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە سینەما بەشی نواندن، لە دیدارێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد.**

*** وەك ئەکتەرێك ڕاگەیاندن سوودی بۆ شەیما هەبووە یان بە پێچەوانە بووە؟**

- بەداخەوە ڕێک بەپێچەوانەوە زیانی هەبووە، چونکە هێشتا لە وڵاتی ئێمە نەتوانراوە هونەر وەک پیشە سەیر بکرێت، کامە هونەرمەند هەیە لەم کوردستانە کە خاوەن کارە ڕاستەقینەکەی خۆی بێت کە هونەرە!؟ بێگومان نییە، هەر ئەمەشە وا دەکات هونەر بەهای هونەری خۆی نەبێت، تەنانەت لەناو خودی هونەرمەندان و هونەردۆستانیش بە چاوێکی بێڕێزەوە سەیر دەکرێت.

*** هەر ئەکتەرێك ئەگەر بە عەشقەوە کار نەکات سەرکەوتوو نابێ، بەڵام هەست دەکرێ تۆ وەك پێویست بەشداری ناکەی لە کارەکان، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- گرنگ نییە شەیما لە هەموو کارێکدا بوونی هەبێت وەک ئەکتەر، گرنگ ئەوەیە من بەشداری لە چ فیلمێکدا دەکەم، ئەگەر فیلمی درێژ یان کورت یان دراما بێت، باوەڕم بە بەرهەمی کەم، بەڵام پوخت هەیە، کاتێک دەڵێم پوخت واتە لەڕووی ناوەڕۆک و فۆرمێکەوە بەرهەمەکە ئامادەی هەبێت، نەک تەنها بە ناو بەرهەم بێت، ناوێرم خۆم لە هەموو بەرهەمێک بدەم، هەرچەندە زۆر کات گلەیی ئەوە لەخۆم دەکەم لە هەندێک بەرهەم بەشداریم کردووە، نەدەبوو بیکەم، بەڵام بەداخەوە کردوومە.

*** زۆر جار باس لە ئاستەنگەکانی بەردەم ئافرەتە هونەرمەندەکان دەکرێت، ئایا لەنێو خودی پیاوە هونەرمەندەکانیش ئاستەنگ بۆ ئافرەتان دروست ناکرێت؟**

- هونەر لە وڵاتی ئێمە زۆر بە هەڵەوە کاری بۆ کراوە و نەتوانراوە پەیامی ڕاستەقینەی خۆی بگەیەنێتە کۆمەڵگا، بەداخەوە لە ئێستادا وایلێهاتووە هەرکەس بێ ئیشوکارە خۆی بە هونەرەوە خەریک کردووە کە دەڵێم هونەر مەبەستم هەموو بەشەکانیەتی، زۆر بە ئاسانی هەرکەسێك کارێکی هونەری ئەنجامبدا پێی دەڵێن هونەرمەند، واتە خودی هونەرمەندان ئاستەنگی یەکەمن نەک لەبەردەم ئافرەتان بەڵکو لە پێشکەوتن و قەبوڵکردنی هونەر لە کۆمەڵگا، بە ڕای من ئاستەنگەکانیش بریتین لە: خزم خزمێنە، گرووپ گرووپێنە، هاوڕێیەتی، حزبایەتی کردن، پارە خواردن و بەناو هونەرەوە گەندەڵی کردن! لە ئێستادا هونەر واتە پارە پەیداکردن بۆ کۆمەڵێک کەسان و هیچی تر.

*** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لە فیلمی تراژیدی و کارەسات دوور بکەوینەوە؟**

- ئێمە چەندین کارەساتی تراژیدیمان هەیە، ئەوەندەی من ئاگاداربم و زانیبێتم لە ئێستادا نزیکەی ٣٥ فیلمی سینەمایی درێژ ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەر٣ پارێزگا بەرهەم هاتووە بە پاڵپشتی حکومەت هەموویان سیناریۆکانیان باسی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالە، جگە لە دەیان دیکۆمێنتاری و کورتە فیلم، من ناڵێم بەسە، چونکە مەرج نییە ئەم ڕێژەیەی باسمان کرد توانیبێتیان ئامانجەکە بگەیەنن، دەکرێت ئیشی زیاتر بکرێت لەسەر ئەم کارەساتانەو دەیان کارەساتی تر، بەڵام لە پاڵ ئەمەشەوە دەبێت بیر لە بەرهەمهێنانی ژانرەکانی تری سینەمایی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بینەری فیلمی کوردی دروست ببێت، ئەمەش بە ماددەیەکی زۆر و کادری سینەمایی باش و لایەنی تەکنیکی نوێ.

*** ئەگەر بە ڕاشکاوی پێمان بڵێی سینەمای ئێرانی سوود یان زیانی بە سینەمای کوردی گەیاندووە؟**

- لە چەند ساڵی ڕابردوو توانراوە زۆر کەڵک لە سینماکارانی ئێرانی وەربگیرێت و جێگەشیان دیارە بە کارەکانەوە و دەتوانم ئەوەش بڵێم چەندین کادری سینمایی کە ئەمڕۆ لە بوارەکەدا کاردەکەن لەوانەوە زۆر شت فێربوونە و دەتوانن لە سەر پێیەکانی خۆیان بووەستن، بە ڕای من هونەر بە گشتی و سینەما بەتایبەتی هیچ سنوورێک ناناسێت و تا چەند سنوورەکان ببڕێت ئەوەندە پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت.

*** بەشی سینەمای کۆلێژی هونەرە جوانەکان وەك پێویست بە ئەرکی خۆی هەستاوە؟**

- بەڕاشکاوانە دەڵێم، کاتێک بەشی سینەما لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان دروست بوو، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی کەسی یەکەم بوو کە ڕۆڵی لە دروستکردنی ئەو بەشە هەبوو، بەڵام بەداخەوە دوای چەند ساڵێک و دوای دوورخستنەوەی دکتۆر سەلمان فایەق وەک بەرپرسی بەش بوو ئەم بەشە خنکێنرا بە هەموو شێوەیەک پشتگوێ خراوە و لە ئێستادا تەنها ناوە و هیچی تر، لەسەردەمی دکتۆر سەلمان ناوبراو تەنها هەوڵی بۆ دروستکردنی کادری سینمایی بوو، هەرچەندە من تەواوم کردووە، بەڵام ئەوەندەی من بزانم ئێستا تەنها بۆ بڕوانامەیە، ئێستاش ئەوە پرسیارە لای فێرخوازانی ئەو بەشە و ئەوانەشی تەواویان کردووە دەکرێ بۆچی لە سەرەتاوە بەو هەموو هێزە بوو دواتر خنکێندرا؟! لە کاتێکدا دەتوانرا لە ڕێگای ئەو بەشەوە دەیان و سەدان کادری سینمایی پێ بگەیەندرێت.

*** زۆر جار لە دراما و سینەما و شانۆش باس لە نەبوونی سیناریۆی باش دەکرێ، ئایا ئەمە تا چەند ڕاستە و ئەگەر وایە چۆن چارەسەر دەکرێ؟**

- ئەوەی تائێستا ئێمە بینیومانەو کاری تێدا کراوە بەتایبەت وەک کورتە فیلم و دراما تەنها بیرۆکەیە، چونکە بیرۆکە، چیرۆک ئینجا دەگاتە قۆناخی سیناریۆ، واتە کاتێک دەمانەوێت سیناریۆیەک بنووسین دەبێت بەو ٢ قۆناخەدا تێپەڕین، بەڵام تەنیا بیرۆکەیە هەر بۆیەشە لە ئەنجامدا بەرهەمێکی کرچ و لاواز دروست دەبێت، تەنانەت بینەرێکی سادەش هەستی پێدەکات لە کاتی بینین کە ئەم بەرهەمە بە زۆر ڕاکێشراوە و هیچ بنەمایەکی سیناریۆی تێدا نییە، لە سیناریۆدا هەموو گەردەکانی ناوی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترن، گرنگترین خاڵ لە سیناریۆدا بەردەوامییە، بەڵام لە کوێی فیلمی کوردیدا کار بەم خاڵە کراوە، بەڕای من چارەسەر ئەوەیە ئەوانەی لە سیناریۆ نازانن و خۆیان پێ سیناریستە با واز بێنن، دراما هەیە پارەی خەیاڵی تێدا سەرفکراوە و مێژووی شارێکی خستۆتە ژێر پرسیارەوە لە کاتێکدا دەرهێنەر و سیناریست بێ ئاگایان لە کارکردنی یەکتر دەربڕیوە، ئێستاشی لەگەڵدابێت دراما بە سیناریۆی شانۆکاری دەکرێت. با تاقی بکرێتەوە و بۆ چەند درامایەک سوود لە سیناریستی تورک و فارس و عەرەبیش وەربگیرێت خۆ عەیبە نییە، تا بەناو سیناریستەکانمان لێیانەوە فێری نووسینی سیناریۆ بن.



## سوڵتانە هویام تووشی نەخۆشی دەروونی بووە

لە ناکاو و بێ ئاگادار کردنەوەی دەرهێنەر و بەهەمهێنەر زنجیرە درامای تورکی (حريم السلطان) مەریەم ئۆزرلی کە رۆڵی سولتانە هویام دەبینێ، تورکیای جێهێشت و رووی لە ئەڵمانیا کرد لەو کاتەی کە وێنەگرتنی بەشی سێیەمی زنجیرەکە تەنیا سێ ئەڵقەی ماوە.

لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا کۆمپانیای بەرهەمهێنەری زنجیرەکە هەڵمەتێکی دژی (سوڵتانە هویام) دەستپێکرد بەهۆی وازهێنانی و دوورکەوتنەوەی لە تەواوکردنی وێنەگرتنی زنجیرەکە بێ ئەوەی هۆکارێکی ئاشکرای هەبێت بۆ ئەم کارە، تەنانەت مۆبایلەکەی خۆیشی داخستبوو و کەسیشی ئاگادار نەکردبۆوە بەوەی دەچێتە ئەڵمانیا، بەڵام جان ئالتاشی دەستگیرانی و باوکی دووپاتیان کردەوە کە هویام دووچاری فشارێکی دەروونی و جەستەیی زۆر بۆتەوە، بۆیە رووی لە ئەڵمانیا کردووە بۆ چارەسەرکردنی و کاتی هاتنەوەشی بۆ تورکیا دیار نەکردووە، ئالتاش ئەوەشی رەتکردەوە کە بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ بەرهەمهێنەری لەسەر کرێیەکەی تورکیای جێهێشتبێت و راشیگەیاند کە مەریەم بەهیچ شێوەیەك کەسێکی ماددی نییە.



## ڤیکتۆریا: دووبارە گۆرانی ناڵێمەوە

گۆڤاری (Icon)ی ئەڵمانی ئاشکرای کرد کە ڤیکتۆریا بێکهامی هاوسەری دیڤید بێکهام و ئەستێرەی پێشووی تیپە سپایس گێرلزی بەریتانی بە نیاز نییە جارێکی دیکە گۆرانی بڵێت و بەشێوەیەکی پیشەگەرانە بچێتە سەر تەختی شانۆ.

ئەم بڕیارەی ڤیکتۆریا دوای گەشتێکی هونەری هات کە بۆ چەند وڵاتێکی ئەنجامدا و تێیدا هەوڵیدا دووبارە گرووپەکە کۆ بکاتەوە دوای ئەوەی چەند گرفت و ئاڵۆزییەك لە نێوانیاندا روویدابوو، هەروەها رەنگە هۆکاری تایبەتیشی هەبێت ئەویش بە بوونی چەند گرفتێك لەگەڵ یەکێك لە ئەندامەکانی تیپەکە، پێشتریش ڤیکتۆریا رایگەیاندبوو کە چیتر بەشێوەیەکی ئاشکرا گۆرانی ناڵێت و تەنیا لە ماڵەوە بۆ منداڵەکانی گۆرانی دەڵێت، چونکە منداڵەکانی حەز دەکەن گوێ لە دایکیان بگرن کاتێك گۆرانی دەڵێت تەنانەت ڤیکتۆریا هانیشیان دەدات بۆ گۆرانی گوتن. بەڵام چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە ڤیکتۆریا رایانگەیاند دوای وازهێنانی دیڤید بێکهامی هاوسەری لە یاری تۆپی پێ، ڤیکتۆریا بیر لەوە دەکاتەوە هەموو کاتی خۆی بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی بەسەر بەرێت و گرنگی زیاتریش بە هاوسەرەکەی بدات.





# کاتی و جۆن ئاشتبوونەوە


دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك پەیوەندی نێوان هەردوو گۆرانیبێژ کاتی بیری و جۆن مایۆری هاوڕێی تێکچوو و لێك جیابوونەوە، بەپێی چەند سەرچاوەیەك ئێستا خەریکە ئاشت دەبنەوە.

گۆڤاری (US Magazine) لەم بارەیەوە رایگەیاند کە بیری چەند هاوڕێیەکی خۆی بانگهێشت کرد بۆ نان خواردن لە ماڵی خۆی لە ویلایەتی کالیفۆرنیا یەکێك لەوانەی کە بانگهێشت کرابوو جۆن مایۆر بوو، لەو دانیشتنەدا مایۆر و کاتی بۆ ماوەیەکی زۆر قسەیان کرد تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆریش بە یەکەوە بە تەنیا قسەیان کرد، بۆیە زۆر لە ئامادەبووانیان ئەم گفتوگۆیەی نێوانیان بە ئاماژەیەك بۆ چاك بوونەوەی پەیوەندی نێوانیان وەسف کرد.

یەکەم دەرکەوتنی ئاشکرای کاتی و جۆن بۆ بەر لە چەند ساڵێك دەگەڕێتەوە، ئەو کات پەیوەندی نێوانیان بە پەیوەندییەکی مرۆڤایەتی وەسف کرد، چونکە هەردووکیان لەسەر سروشتی خۆیان بوون، هەرچەندە پەیوەندییان زۆر بە هێز بوو، بەڵام زۆری نەخایەند و هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەشیان ئەوە بوو کە هەردووکیان زۆر سەرقاڵ بوون بە کارە تایبەتییەکانی خۆیانەوە و ئامادە نەبوون واز لە کاری خۆیان بهێنن یان کەمی بکەنەوە لەپێناو یەکتری.

# ئەماندا و سکارلێت پاڵێوراون بۆ رۆڵی هیلاری کلنتۆن





بەپێی هەواڵەکانی Eonline ماڵپەڕی ئێستا لە چەندین لاوە گفتوگۆ لەگەڵ چەند ئەستێرەیەکی سینەمایی لە ئارادایە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی سینەمایی لەسەر ژیانی هیلاری کلنتۆنی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا و هاوسەری بیل کلنتۆنی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا.

لەم بارەیەوە جیمس بۆنسۆلتی نووسەری فیلمەکە ئاشکرای کرد کە فیلمەکە باس لە ژیانی هیلاری کلنتۆن دەکات هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تا ئەو کاتەی پەیوەندی بە کۆلێژی یاساوە کرد لە سەردەمی کەتنە ئابرووبەرە بەناوبانگەکەی واتر گیت، چەند سەرچاوەیەکی نزیکیش لە نووسەرەکە رایانگەیاند کە هەر یەکە لە سکارلێت جۆنسۆن و ریز ویزەرسپۆن و ئەماندا سیفرید و جیسیکا چاستێن پاڵێوراون بۆ بینینی رۆڵی هیلاری، چونکە جیمس بە ئەکتەری سەرکەوتووی داناون کە دەگونجێن بۆ ئەم رۆڵە، دووپاتیشی کردۆتە کە دوور لە ئینتیمای سیاسی هەموو لایەك ئەو راستیە باش دەزانن کە هیلاری لەسەر ئاستی جیهان رۆڵێکی سەرەکی هەبووە و هەموو لایەکیش دەزانن کە ئافرەتێکی بەهێز و ئاسنین بووە و پێویستە ئەو کەسەی رۆڵەکەی پێ دەسپێردرێت بتوانێت بە باشی ئەو لایەنەی هیلاری دەربخات، سەرچاوەکە ئەوەشی روونکردەوە کە ئەماندا یەکێکە لە پاڵێوراوە بەهێزەکان.

ئەم فیلمە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ بڵاودەکرێتەوە کە هاوکاتە لەگەڵ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا و پێشبینیش دەکرێت کە هیلاری لەسەر پارتی دیموکراتی ئەمریکا خۆی بپاڵێوێت بۆ هەڵبژاردنەکان.



# بڵاوبوونەوەی وێنەکانی سۆفیا دڵگرانی دەکەن

ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگی کۆلۆمبی سۆفیا فیرگار لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی رێگا لە بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەکی تایبەتی خۆی بگرێت کە لە رێگای دەستگیرانەکەی لە مۆبایلەکەی دزراون.


بە قسەی سۆفیا ئەو وێنانەی دزراون هیچیان وێنەی رووت نین، بەڵام هەندێکیان لە کاتی نووستنە بۆیە بە تایبەتمەندییەکی خۆی دەزانێت و حەز ناکات بڵاو بکرێنەوە، لەم بارەیەوە رۆژنامەی (زە نیویۆرك پۆست)ی ئەمریکی ئێستا تیمێکی تایبەت لەلایەن سۆفیاوە تەرخان کراوە و هەوڵێکی زۆریش دەدەن بۆ بڵاونەکردنەوەی وێنەکان و رێگا گرتن لە هەرکەسێك کە بیەوێ بازرگانی پێوە بکات، سوفیا توڕەبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو بۆ دزینی وێنەکانی، بەتایبەتی کاتێك هەواڵی فرۆشتنی وێنەکان لەلایەن دەستفرۆشێك لە فلۆریدا بڵاوبۆوە، ئیتر لەو کاتەوە کۆمپانیا تایبەتەکانی ریکلام کە سۆفیا خاوەنیەتی دەستیان بە هەڵمەتێکی بەرفراوان کردووە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی وێنەکان و ئەو کەسانەی لەم کارە تێوەگلاون، هەرچەندە بە تەواوی نازانرێ کە کێیە هۆکاری بڵاوبوونەوەی وێنەکان، بەڵام چەند سەرچاوەیەك دەڵێن یان کۆنە هاوڕێیەکەی وێنەکانی بردووە یان خۆی مۆبایلەکەی لە شوێنێکی گشتی ون کردووە، بەڵام ئەوەی سوفیای دڵنیا کردۆتەوە کە تیمەکانی لە گەڕانیان سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێناوە و خەریکە تاوانباری راستەقینە دەدۆزنەوە.


# گرنگی درامای رادیۆیی و ئەو بابەتـــ


**ئێستا کوردســـتان خاوەن دەیان رادیۆ و ئێزگەی جیاجیایە، بەڵام وەک پێویست گرنگی بە دراما رادیۆییەکان نەدراوە، بۆیە بە پێویستمان زانی چەند کەسێکی شارەزا لە بوارەکە بهێنینە ئاخافتن سەبارەت بە گرنگی ئەم جۆرە درامایە و ئەو بابەتانەی پێویستە پێشکەش بکرێن لە رێگای رادیۆ.**

سـەرەتا خانمـە









هونەرمەند فرمێسك مستەفا کە هاوکات بەرپرسی بەشی درامایە لە رادیۆی هێلین وتی:

درامـــای رادیۆیی پێویســـتە بەدوای چارەســـەرکردنی کێشـــە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگەی ئێستامان بکەوێت، بە هەموو چەمـــک و بابەتەکانییەوە، کە بوونەتە هۆی گرفت و کەلێن دروســـت کردن و ون بوون و سەرلێشێوان. بەتایبەت ئەو بابەتانەی ســـەربوردەی تاکەکان خۆیانن و چۆن بتوانرێـــت لە رێگای ئەو درامایـــەوە، ئاگاییەکی هۆشمەندانەی بداتێ، هەروەها لە باسکردن و شرۆڤەکردنی چیرۆکەکانـــی ئەوانیتـــرەوە بەرچـــاو روونییەکی وای بدەیتێ و بەدوای کێشـــە کۆمەڵایەتییەکانی بکەوێت. درامای رادیۆ دەبێت زۆر بە هەســـتیارییەوە بخرێتە باس و دارشـــتنێکی وریاییانەی دەوێـــت. ئەمە بێ لە لایەنی تەکنیکـــی و هونەری نواندن تێیـــدا دەبێت هێندە بەرز و موقنیع بێت، کە گوێبیســـتەکان بە چێژێکی تایبەتییەوە گوێ رادێـــری بن و چاوەروانی بـــن، لەلایەکی دیکەوە دەبێ دووی رووداوەکانی بکەون و لەگەڵ خۆیاندا کێشەو گرفتەکان باس بکەن و بکەونە دیالۆگ بەستن. خودی تاکـــەکان بهێنیتە ناو رووداوەکانی کـــە تەنیا بە گوێ دەبیسترێن، لەبەر ئەوە پێویستت بەوەیە هەستی بجووڵێنیت، گرفتەکانی بۆ چارەسەر بکەیت، کاری بەیەکسانی بوون، گەشە پێدانی مرۆیی، ئەمرۆکە زەرورەتێکی زۆری هەیە بۆ باس کردن بە گشت شێوازە جوداکانی کە هەن.

حەیدەر عەبدولرەحمـــان وەك رەخنەگرێکی هونەری بەم شێوەیە رای خۆی دەربارەی درامای رادیۆیی دەربڕی:

زۆرینەی رادیۆکانی کوردســـتان جگە لە تاك و توکییان نەبێت، لە ســـتایلدا هاوشـــێوەن و لە ناوەرۆکدا تەقلیدین، زۆرینەی رادیۆکانی ئێمە یا حزبین و بەو ئاراســـتەیە کار دەکەن کە خزمەتی حزبەکان بکەن، یاخود کەرتی تایبەتین و پرســـی بازرگانییان خستۆتە سەرووی هەموو شتێکەوەو هەمیشـــە حیســـابی بازاڕ دەکەن، نەك ئەو پرسانەی کە سەنگ و بەهایەك بە رادیۆ دەبەخشن، لەو نێوەندەدا دراما و ئەگـــەر نیو ســـەدە بگەڕێینەوە دواوە، هەســـت دەکەین درامای رادیۆیی ئەو کات لە ئێســـتا زێتر حزوری هەبوو. رەنگە ئەو حزورەش هۆکاری زۆری لە پشتەوە بووە، بەر لە هەمووشیان

ئـــەوە بووە کە ئـــەو دەمە تەکنەلۆژیا لەو ئاستەدا نەبوو، ئەو هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییانە نەبوون، کە رۆژانە بە دەیان زنجیرە درامای دۆبلاژکراو پەخش بکەن و تەلەفزیۆن ببێتە بەشێکی هەرە گەورەی ژیانی خەڵکی. بۆیە هەر شـــتێك ئەلتەرناتیڤی هەبوو ئەو بەهایەی نابێت کە بەرابەری نەبێت وەك رادیۆی ئەو کات. ئێمە کاتێك لە ســـاڵانی شەستەکان و حەفتاکان گوێبیستی دراما رادیۆییەکانی رادیۆی تاران و کرماشان دەبووین قەت نەماندەتوانی بۆ تەنیا شـــەوێکیش لەو دراما رادیۆییانە هەڵبکەین. لەو ســـاڵانەدا هونەرمەندانی وەك شـــەماڵ ســـائیب و عەلی مەردان و زۆرانـــی تریش لە رادیۆی کوردی بەغدا ئەرشیفێکی دەوڵەمەندیان هەبووە، بـــۆ درامای رادیۆیی، بەڵام لەگـــەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم وردە وەردە وەزیفەکانی رادیۆش گۆڕان.

بەڵام هەتا نووکەشی لەگەڵدابێت رادیۆ گوێگری خۆی هەیە، بەرنامە هەیە، چونکە چۆتە قاڵبی دراما، گوێگری زۆرەو خەڵکـــی بە دوایدا دەگەڕێت، بەڵام نەتواندراوە پەرە بەو ئەزموونە درامییە رادیۆییانە بدرێت، من دڵنیام ئەگەر هەندێ لەو رادیۆیانە کە بەرنامەی کرچ و کاڵی گەنجانە پێشکەش دەکەن و ئاستی رادیۆکانیانی پێ دادەبەزێنن، وا چاکترە خۆیان لە قەرەی درامای رادیۆیی بدەن، یان بەلانی کەمـــەوە هەندێ رۆمانی کوردی بۆ رادیۆ ئامادە بکەن و گروپێکی نواندن رابێنن، رەنگە ئەزموونەکە ســـەرکەوتنی باش بە دەست بێنێت.

هونەرمەندی بە ئەزموون ئەحمەد رەئوفیش رای تایبەتی خۆی هەیە سەبارەت بەمجۆرە درامایانە دەڵێ: من پێموایە درامای رادیۆیی جگە لە پارە بە هەدەر دان زیاتر هیچی تر نییە، چونکە باوەڕ ناکەم ئەو بەرێزانەی کە خۆیشـــیان کاریـــان بۆ کردووە گوێی لێبگرن، بۆیە دەڵێم کەس گوێی لێناگرێـــت و تەنیـــا گۆرانی وتن و کەمێك هەواڵیشـــی تێدایە.

هونەرمەند محەمەد تاهیر دەڵێ: بابەت زۆرە بۆ ئەوەی لـــە درامای رادیۆییدا باس بکرێت، بەڵام باشـــترینیان بە



# ـــــانەی کە پێشکەشی دەکات

بۆ چوونی
من پێویستە بابەتی
رەخنە ئامێز بن کە بەشێوەیەکی کۆمیدی و ئەکادیمی پێشکەش بکرێن، دەکرێت بابەتی کۆمەڵایەتی بن کە پەیوەندییان بە هەموو کۆمەڵگاوە هەیە وەك: سواڵکردن و قەرز وەرگرتن، کارکردنی منداڵان لە وەرزی هاوین، یان بابەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، هەروەها هەندێك کێشە هەیە کە رۆژانە بەرۆکی هاووڵاتیان دەگرێت لەوانە ساختە کردن لە کڕین و فرۆشتن، دوورکەوتنەوەی منداڵان لە خوێندن و روو کردنە ئەنتەرنێت و فەیسبوك یان ئیکسپایەر بوونی خواردەمەنییەکان، بۆیە دەبینین بابەت زۆرە بۆ ئەوەی باس بکرێت، بەڵام چۆنیەتی گەیاندنی بە بیسەر ئەمە دەگەڕێتەوە سەر نووسەر و نواندن کە پێویستە کەسانی شارەزا و پسپۆر و خاوەن ئەزموون و سەلیقە بن و توانای نواندنی ئیرتیجالییان هەبێت، واتە ئەکتەر توانای زیاد کردنی حیواری هەبێت لەکاتی نواندندا بێ ئەوی تووشی هەڵە و وەستاندن و دوور کەوتنەوە لە بیرۆکەی دەرهێنەری ببێتەوە.

خانمە هونەرمەند مەروا محەمەد دەڵێ: من دەستخۆشی لە گشت ئەو هونەرمەندانە دەکەم کە لە درامای رادیۆییدا کار دەکەن، هیوادارم دراما رادیۆییەکان زیاتر گرنگی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو ئافرەتان و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بدەن، چونکە ئەو بابەتانە ئێستا گرنگیی خۆیان هەیە و پێویستە خەڵك لێی ئاگادار و وشیار بکرێنەوە.

کاروان شەمسەدینی ئەکتەریش دەڵێ: بێگومان درامای رادیۆیی گرنگی خۆی هەیە، چونکە چینێك لە خەڵکی ئێمەمانان گوێگر و بیسەری رادیۆن، بەڕای من ئەو بابەتانەی
کە پێویستە درامای
رادیۆیی چەند بابەتێك لە خۆ بگرێت
کە بە کێشە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگا وەك کێشەی گەنجان و ئافرەتان و بە رێگای کۆمیدیایەکی بە ئامانج کە رەخنە لە دیاردە نەشیاوەکانی کۆمەڵگا بگرێت و خەڵکیش لە دیاردە باش و خراپەکان وشیار بکاتەوە.

ئاسۆ سوارەی هونەرمەندیش بەم شێوەیە رای خۆی دەربڕی: پێموایە هەموو ئەو دراما رادیۆییانەی ئێستا باشن کە بەشێوەی ئاراستەیی بن واتە ئاراستەی نەوەی ئێستا بکرێت و کار بکەن لەسەر کێشەی ئافرەت و گەنج و کەموکورتییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمی ئامانجدار دوور لە قسەی بێ مانا و باس کردنی، هەروەها پێم باشە بابەتی رەخنەیی بن بێ ئەوەی هەستی هیچ کەسێك ئیحراج نەبێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەم بابەتە زۆر گرنگە و پێویستی بە کاتی زۆر هەیە تاکو بە وردی بخرێتە روو.

لە کۆتاییدا دەرهێنەری سینەماکار تەنیا کەریم دەڵێ: درامای رادیۆیی بۆ هەموو سەردەمێک گونجاوە، چونکە زۆربەی خەڵک لە زۆربەی کاتەکان گوێی لێدەگرێ، من پێم باشە دراما رادیۆییەکان پەروەدەیی و، رەخنەیی لەگەڵ ئەوەش رێنمایی تەنز ئامێز بن بەبێ لەکەدارکردنی هیچ کەسێك و دووریش بن لە سیاسەت.



